# هەڵەبجەی "سەمەندەر"!.

ئەو بەیانییەی هەڵەبجە لە پڕێکدا
هێڵنجی داو، بەلادا هات،
دڵی وەستا!
لەلای منیش
لە مەملەکەتی وشەدا:
شارێك شیعرو
ڕیزە چیایەك چیرۆكو
دارستانێ لە وتارو
سەدان قەڵبەزەی گۆرانییو
دەریاچەیەك خۆزگەی شینو
سەدان پۆرتەرێتی
سیمای شاخو سیمای عەشقو
چەندین شەقام
لە تەماشام
ئەوانیش هەموو پێکەوەو
لە یەك ساتدا
دڵیان وەستا!
هەر ئەو ڕۆژە
وەختێ پێنج هەزار گزنگو
وەختێ پێنج هەزار تاڤگە
بەیەکەوە ڕەق هەڵاتن
لەلای منیش:
پێنج هەزار حەرفی پەلکەگیام.
پێنج هەزار گمەی مۆسیقام.
پێنج هەزار جۆگەی پەخشانم.
لەیەك كاتداو
بەیەکەوە ڕەق هەڵاتن!.
*
هەموو ساڵێ

**لە شانزەی سێدا من ئەمرم!**

**هەتا ئێستا بیست جار مردووم!**

**بیرەوەریم بیست جار منی**

**لەم دۆزەخی یادانەدا**

**لەگەڵ زریکەی باخانو**

**پرچی بارانو ژناندا**

**سووتاندووە!.**

**بیست ساڵیشە**

**ئەم شارەم داوە بە کۆڵی**

**ئەسپە ڕەشێکی داستانداو**

**لەگەڵ هەوای ژەهراویداو**

**لەگەڵ منداڵو باڵندەی**

**مۆمیاداو**

**لەگەڵ هەتاوی کوژراودا**

**وەکوو قەسیدەی خنکاوم**

**بە دنیادا ئەیانگێڕم!**

★

**لە شانزەی سێی ئەکەمجاردا**

**وەختێ مردم**

**بە تەنها هەر دارەمەیتی**

**وشەی خۆمو**

**تاتەشۆری شیعری خۆمو**

**کێلەکانی چیرۆکەکەی**

**خۆم لەگەڵ بوون.**

**لە یەکەم ڕۆژی مردنما**

**کڵاوی سووری کڵێساو**

**ماڵی سپیی "یوسا"ی مام سام**

**لەگەڵ کۆنگرەی "حەجاج"دا**

**دەستیان لە ملی یەکدابوو!.**

**بەیەکەوە**

لەسەر سەلیبو بەرماڵێ

سەری منو سەری عومەری خاوەرو

سەری ساواکەی باوەشیان

کرد بە دیاریی بۆ سەدامو

کریسمسو

جەژنی قوربان!.

⋆

هەڵەبجەیەو "سەمەندەر"ەو

دیسانەوە لە خۆڵەمێشی خۆیەوە

دێتە دەرێو

باڵ ئەگرێتو ئەفڕێتەوە

"خۆمو شیعرەکانی خۆیشم هەروا!".

ئەوا ئیستەیش:

لەگەڵ پێنج هەزار دەریاچەو

لەگەڵ پێنج هەزار چل چراو

پێنج هەزار پیانۆو کەمانچەی

ناو دنیادا

نزیكو دوور

هەڵەبجەمان لە پێشەوەو

"عومەری خاوەر" بە سواری ئەسپێکی سوور

لە غاردایەو

ساواکەیشی وەکوو مانگێکی پچکۆلە

لە باوەشیاو

هەر هەموویشمان بەیەکەوە

هاتووینەوە

بۆ لای چاوەکانی "زەڵم"و

بۆ ناو باوەشی "شارەزوور"!.

2008/3/10

# گورگە بۆرەکان

**-شیعری سروود-**

**ئێوە ئیستاکە خواوەندی ئاسنینی**
**هەرە گەورەی ئەم ئاسمانەن.**
**دۆزەخ لەگەڵتاندا ئەفڕێو**
**لەسەر زەویش**
**مردن خۆی جەنەڕاڵتانەو**
**قوماندانەو**
**پێش تاعوونو**
**پێش ئافاتو**
**پێش زرێ پۆشتان ئەکەوێ!.**
**کێ نایزانێ؟!**
**ئێوە ئەتوانن هەمیشە:**
**ئاو بکوژن:**
**دارستانو باخچە کوێرکەن.**
**شەقام کۆتکەن.**
**وشە بەندکەن.**
**قەڵەم بدەن لە سێدارە.**
**ئاوێنەی هەتاو بشکێنن.**
**سترانەکان بریندارکەن.**
**لێرەو لەوێ**
**وەکوو جەستەی "فەرخو ستێ"**
**جەستەی گوندو جەستەی بەفرو حیکایەتو**
**جەستەی شەومان دابێژنەوە.**
**کێ نایزانێ؟!**
**ئێوە ئەتوانن نەهێڵن**
**نان پێکەنێو**
**ئازار بنوێ!**
**ئەتوانن ڕق**

**وا هەڵچنن**
**بیکەن بە شوورەی دەوری شار.**
**خوێن بە ڕووبار.**
**لە خۆبایی بوون بەرنە سەر**
**کەپکەکانی "نەجم‌و هیلال!".**
**ئێوە ئەتوانن ناومان‌و ناونیشانی**
**"مەم‌و زین"و ڕەنگی جادەو کۆڵانەکان**
**بگۆڕن‌و بزرکەن‌و ناسنامەمان**
**لەناو چەکمەی ئەفسەرێکدا بشارنەوە!.**
**بە کڵاوی ژەندرمەیەك**
**دەم‌و چاوی زۆر وشەمان بسڕنەوە!.**
**ئێوە ئەتوانن شیعرمان دەربەدەرکەن.**
**گوڵدانەکانی چیرۆکمان وردو خاشکەن.**
**ماڵەکانمان بدەن بە کۆڵی دووکەڵ‌و**
**دەبابەداو بە کۆمەڵ بیانگوێزنەوە.**
**کێ نایزانێ؟!**
**ئێوە ئەتوانن ئازارمان**
**لە پێکەنینی خۆتاندا بتوێننەوە.**
**ئەتوانن‌و ئەتوانن‌و ئەتوانن..**
**بەڵام ئەوەی لە خەونی گورگەبۆرەکەی**
**یەکەمەوە، نەهاتەدی‌و نایشیەتە دی**
**ئەوەی هەرگیز پێتان ناکرێ:**
**سڕینەوەی**
**ئازادییە**
**لە ڕۆحماندا.**
**کوشتی عەشقی ئەبەدیی**
**داروبەردە**
**لە ناخماندا.**
**ڕامالینی خۆشەویستیی**
**دیاربەکرو کەرکووکە لە دڵماندا.**

کۆتایی ئێمە کاتێکە
کە کۆتایی هەناسە هات.
یاخود "با"تان لە گڤە خست
گەر توانیتان زریان بگرن.
نەتانهێشت ئیتر خۆرهەڵبێ.
نەتانهێشت باران دابکاو
چەخماخەتان کەلەپچە کرد!
ئەوەی کە هەرگیز ڕوونادا:
گواستنەوەی "قەندیل"ەکانە.
شاردنەوەی باڵای شەهیدە.
کپکردنی باهۆزەکەی سروودمانەو
نووشتانەوەی
تیشکەکانی باوەڕمانە!.
ئەوەی هەرگیز نایەتەدی:
لە بیربردنەوەی منداڵی سەر قەمەیەو
قیژەی خوێناویی ژنانەو
خنکاوەکانی گۆمی "وان".
ئەوەی "نا"یەو
نابێ بە "ئا"
کووژاندنەوەی
ئایندەیە
لە چاوی یەك بەیەکماندا!.
سلەیمانی 2008/2/26

## شەهیدان

## دەرگامان لێناکەنەوە!

هەموو ساڵێ
لە یادی شەکراوخواردنەوەی
ڕاپەڕینو ئازادیدا
قوربانیەکان یەکە یەکە
بە خۆیانو گوڵی ژاڵەی
سەر سنگیانو
باوەشی پڕ ئەستێرەوە
ئەگەڕێنەوە بۆ ماڵێ!.
ساڵی ئەکەم شارەکەمان
جمەی ئەهات
لە جریوەی خەمی سوورو
لەبەر باوەش پیاکردنو ماچی ئەوان
لەبەر هاتو چۆی پەپوولەو
لەبەر خۆپیشاندانی هەزاران
گوڵەهێرۆو
دارئەرخەوان..
لەبەر قریوەی برینو
تێك ڕژانی دارهەنارو گێلاسەکان
شەقامەکان هەناسەیان بۆ نەئەدرا.
زۆر گۆڕەپان وەختێ هەوایان لێبڕا
بوورانەوە!
زۆر نەونەمام
هەر بوون بە ژێر دەستو پێوە!
لەبەر شەهید
زیندوو ڕێگەی نەبوو دەرچێ!.
چایخانەکان لەبەر جامانەو تەزبیحو
قەمسەڵەی زەیتوونی ئەوان
یەك کورسی چۆڵیان تیا نەما.

بەردەمی ئەمنە سوورەکە

ئەتوت شەفەق تیا ڕژاوە

ئاڵ ئەچۆوە!.

لەبەر سروودی "ئەی ڕەقیب"

هەرچی گۆرانیی غەزەلە

دیار نەمابوون!

ساڵی دووەم. گەڕانەوەی قوربانیەکان

وەك هاتنەوەی حاجی لەق لەق

یان گەڕانەوەی هۆنراوەی

پێنج خشتەکی

کەمبوونەوە!.

ساڵی سێیەمو چوارەمو

بەرەو ژوورتر

شەقام چۆڵو

بازاڕ چۆڵو

چایخانە چۆڵ.

گەڕانەوەی برینەکان

وەکوو پەپووسلێمانەکە

کەم ئەبینران!

هەر بە نامە لە ئێمەیان ئەپرسیەوە

ئەیاننووسی:

بۆ بێینەوە؟!

لەبەر کۆپیکردنەوەی "سەر"مانو

لەبەر تەزویری دەنگمانو

تێکەڵبوونی چاوی ئێمەو

چاوی گورگو

گۆڕینەوەی دەستی ئێمەو

دەسکی کورسیی لەگەڵ یەکدا..

بۆ بێینەوە؟!

بۆچی لەبەر عەلەشیشی

**بۆینباخی سوور لە مل‌و**

**لەبەر فیزی کەڵەشێری**

**شەپقە بەسەر..**

**لەبەر تاوسی پەڕ گیفی**

**لە خۆبایی تەلارەکان**

**ڕێ بەر چۆلەکەو ڕیشۆڵەی**

**خانووە قوڕەکان ئەکەوێ؟!**

**بۆچی لەبەر ڕیزی علوج**

**ڕێ بەر شەهیدان ئەکەوێ؟!**

**وا ئیستاکەیش**

**من خۆم ئەچم**

**بە مشتەکۆڵەی قەسیدەم**

**یەکە یەکە**

**لە دەرگای خوێنیان ئەدەم‌و**

**بە دەنووکی وشەکانم**

**لە شووشەی پەنجەرەی زامیان..**

**بەڵام کەسیان نایکەنەوە.**

**من تەریق تەریق ئەبمەوە:**

**لەمدیوەوە خۆم گوێم لێیە**

**ئەو دەنگە باش ئەناسمەوە**

**هەر دەنگی شەهید خۆیەتی**

**وەختێ ئەڵێ:**

**ئەو دەرگایە مەکەنەوەو**

**پێیان بڵێن:**

**لێرە نییە!!**

2008/3/5

**لەم نەخشەیەدا!.**

**ئەو شیعرەی "مانگ"ی کەرکووکی**

**لە خوێنی ڕەشدا گیراوی**

**ئەم ئاسمانە نەبینێتو**

**دوو دڵۆپ وشەی تەماشای**

**عاشقانەی بۆ نەڕێژێ**

**لە سەدا سەد**

**ئەو شیعرە هەر تەواو کوێرە!.**

**ئەو چیرۆکەی گوێی لە زریکەی شەقامی**

**"سنە" نەبێو دانەچڵەکێو**

**دەستی ڕستەی درێژ نەکا**

**بۆ پرچەکانی زایەڵەی**

**لە سەدا سەد**

**ئەو چیرۆکە تەواو کەڕە!.**

**یان پەخشانێ**

**ئەو هەموو دووکەڵە زۆرەی**

**لە جەستەی "ئامەد" هەڵئەسێ**

**بیبینێتو**

**کەچی یەك دێڕی ساماڵی**

**نەبێ بیڵێ.**

**لە سەدا سەد**

**ئەو پەخشانە**

**تەواو لاڵە!.**

**ئەو شانۆیەی**

**بۆنی بۆکڕووزی ژنو**

**ئەو هەموو خوێنە تازانەی**

**ناو "عفرین" و**

**بۆنی جەللادو قوربانیی**

**نەگاتە لووت، ئیتر ئەبێ**

**شانۆ ئەو لووتەی بۆ چیبێ؟!**

هەر لێرە نا

بەرەو دوورتر!

ئەو تابلۆیەی ڕەنگەکانی

ئەمازیغیو یان قیبتیەکان

وەختێ دەستی لێوەئەدەن

نەبزوێتو

گڤەی ڕەنگی تیا هەڵنەکاو

هێڵەکانی باوەش بە ڕۆحماندا نەکەن

دیارە ئەمیش جووڵەی مەییو

هەستی سڕە!.

ئای خودایە!

چەند شیعری کوێرو چیرۆکی

کەڕو پەخشانی لاڵو چەند

شانۆی بێ لووتو چەند تابلۆی

هۆشو گۆش سڕ

لەم وڵاتەو

لەم زمانەی مندا هەیە!.

وای کارەسات

وای خودایە!!.

2008/3/2

## ویستەکانم

ویستم ببم بە ڕووبارێ
بەڵام نەبووم
هەتا باران ڕۆحی سپیی
خۆی نەدامێ!.
ویستم ببم بە باڵدارێ
بەڵام نەبووم
هەتا ئاسمان باڵی شینی
خۆی نەدامێ.
ویستم ببم بە نزارێ
بەڵام نەبووم
هەتا درەخت دڵی کەسکی
خۆی نەدامێ.
لە دواییشدا
ویستم ببم بە عاشقێ
بەناوبانگتر
لە گشت عاشقانی دنیا
بەڵام نەبووم
هەتا "کەرکوك"
چاوی ڕەشی خۆی نەدامێ!.

## ئەستێرەی سیوەیلی شیعر

شیعری دەگمەن
ئەڵێی ئەستێرەی سیوەیلە
درەنگ.. درەنگ
دەرئەکەوێ
بەڵام ئەو وەختەی کە دەرکەوت
هەر یەك جاری
سیحرو عیشوەی
یەك هاتنی
بەقەد دەیان دەرکەوتنی
شیعری ترە!

## گورگ

**دوێنی شەوێ**

**تۆزێ لەملای "حەویجە"وە**

**گورگێکی ڕاستەقینەم دی**

**وتی ئیتر بەرژەوەندیی**

**ڕانەمەڕی**

**لەڕوبرسیی**

**ئەم وڵاتە وا ئەخوازێ**

**لە ئیستەوە منیش بۆ خۆم**

**وەك ئادەمیی**

**ببمە ئیسلامی سیاسی!**

## دووکەرت

من جارێکیان
چاوم لێبوو
چەخماخەیەك
شمشێرێکی دا لە شەوو
شەویش بووە دووکەرتەوە
کەرتێك خوێنی لێئەهاتو
کەرتەکەی تر
ئەیشتەوە!

## شوێن پێ

لەسەر بەفر
شوێن پێی مامزێکم هەڵگرت
هەر بۆ ئەوەی تاقە شەوێ
ببمە میوانی باڕژنیو
گوێ لە خۆشەویستیی بگرم.
هەر بۆ ئەوەی
خەمانی بلاوێنمەوەو
خەونی بگرمە باوەشم.
بەڵام شوێن پێ
لە شوێنێکدا کوژایەوەو
ئەڵقە داوێکی خوێناویی
وتی: ئێرە
پێدەشتی ئەم لای کەرکووکە
بەڵام درەنگ
درەنگ هاتیو
فریای ئاسکەکەت نەکەوتی!

**دەرزیو دەزوو**

**ئەو شەوە من**

**خەیاڵم باریك کردەوە**

**باریك.. باریك.**

**هەتاکوو کردم بە دەرزیی**

**دەرزییم هانیو**

**دەزووی ڕەشی کارەساتم**

**پێوە کردوو**

**کەوتمە دورینەوەی برین.**

**تەقەڵێكو دووانو سیانو**

**وەختێ گەیشتمە سەر کەرکووك**

**دەمی برین هێند گەورە بوو**

**تەقەڵ نەیتوانی بازبداو**

**دەزوو پچڕاو**

**دەرزیی کەوتە ناو خەرەندی**

**ئازارەوەو**

**چەند بۆی گەڕام**

**ئیستاو ئەوسایش نەمدۆزیەوە!.**

**دیاریی**

**وەختێ کە چووین بۆ لای کەرکووك**

**هەرسێکمان بووین**

**دهۆكو هەولێرو سلێمانی**

**بە پاسێکی زەردو سەوزی فیدرالیی چووین**

**ئەو ڕۆژانە، لە شەڕێکی قەراغ شاردا**

**لەگەڵ خێڵی ئوسامەدا**

**کەرکووك دەستێکی شکابوو**

**تا ئەو ساتەیش لە گەچدا بوو.**

**کە بینیمان**

**لە ژوورێکی تەنگەنەفەسی قوڕینی**

**دوو بە سێداو**

**لەناو پێخەفێکی شڕو**

**لەسەر چرپایەکی شکاو لێی کەوتبوو.**

**لەم سەرەوە هەر یەکەمان**

**لەگەڵ خۆیدا دیارییەکی بۆ بردبوو:**

**دهۆك دوو زەمیلە پەیڤی**

**ڕەنگاوڕەنگی فۆلکلۆریو**

**هەولێر تابلۆی دڵی خۆیو**

**دوو سێ گۆڕەپان بەڵێنو**

**پڕ بە قەڵایەك حەیرانو**

**سلەیمانیش لەگەڵ خۆیدا:**

**وێنەیەکی گەورەی قودسو**

**تازەترین نوکتەی تەڕی**

**شاخی گۆیژەو**

**دوو دەرزەنیش**

**فشەفشی موعەلەبی**

**بۆ بردبوو!!**

**سلەیمانی** 2008